زانیاری تێبینی هەسەر مافی پەنابەران دژی تۆندوتیژی رەگەزی و ڕەگەزی کۆمەڵایەتی

پارێزەر. ماهموت شەرەن

ئابی 2021

ئەوانەی تیایە

مافی پاراستن لە بەرامبەر تووندوتیژی.....2
گرێبەستی ئیستانبول.....3
نەهشتنی تووندوتیژی و پاراستن لە بەرامبەر تووندوتیژی.....4
سزاکردنی بکەری تووندوتیژی.....7
بیانییەکان و یاسای پاراستنی ناونەتەوەیی.....7
قەرەبۆکردنی زیانەکان.....8
سوودوەرگرتن لە یارمەتیی وەرگێر.....9

مافی پاراستن لە بەرامبەر تووندوتیژی

بەشێکی گرنگی پەنابەرانی[1] LGBTİ+ (هاورێگەزخوازی ئافرەت، هاورێگەزخوازی پیاو، دوو ڕەگەزخواز، ڕەگەز گۆڕ) لە تورکیا لەبەر هۆی تووندوتیژیی لەبارەی جێندەر بوونە پەنابەر لە تورکیا دەژین. بەڵام زۆر پەنابەری LGBTİ+ کە پەنایان بۆ ترکیا بردووە هەر لە تورکیا تووشی تووندوتیژیی جێندەری دەبن. لەم گۆتارەدا بە کورتی باسی ئەو خاڵە یاساییەکان دەکرێت کە پەنابەرانی LGBTİ+ لە تورکیا دەتوانن لە بەرامبەر تووندوتیژیی جێندەری بەکار بهێنن.

خاڵی ١٠ لە دەستووری کۆماری تورکییا بەبێ جیاوازی لەبەر هۆکارەکانی زمان، نژاد، ڕەنگ، جەندێر، بیروبۆچوونی سیاسی، باوەڕیی فەلسەفی، ئایین، مەزهەبی و هۆکارەکانی هاوشێوە، یەکسانبوونی هەرکەسێك لە پێش یاسا مسۆگەر دەکات. لەم خاڵەدا هەرچەندە بە شێوەیەکی ئاشکرا باسی چەمکەکانی مەیلی ڕەگەزی و ناسنامەی ڕەگەزی ناکات، وا قبوول دەکرێت کە دەستەواژەی <هۆکارەکانی هاوشێوە> ئەم چەمکانە بە خۆوە دەگرێت. لە خاڵی ١٧ی ئەم دەستوورە دیار دەکرێت کە هەرکەسێك خاوەن مافی ژیان، پاراستن لە ئەشکەنجە و ڕەفتاری خراپ، پاراستن و گەشەپێدانی یەکیتیی لەش و بوونی ماددی و مەعنەوییە. لەم خاڵانەدا وشەی <هەرکەسێك> لەگەڵلهاوواڵاتیانی تورکیا ئاماژە بە هەموو مرۆڤێك دەکات کە لە ناو سنووورەکانی کۆماری ترکیا دەمێنن. بە پێی ئەم هەردوو خاڵانە دەتوانرێت بوێتڕێت کە بۆ هەرکەسێك کە لە بواری سەروەریی دەولەتەکە بە شێوەیەکی مایینده یاخود کاتی دەژیت دەولەت بە شێوەیەکی پۆزێتیڤ بەرپرسیارە کە ڕێگری لەبەر تووندوتیژیی جێندەری بکات، ئەگەر تووندوتیژی ڕوو بدات دەبێ تاوانبار سزا بکات و زیانەکانی قەرەبۆ بکات. واتا بۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە دەبێ دەولەت بەرگری و سیاسەتی پێویست جێبەجێ بکات. هەروەها دەبێ لەهگەڵ پاراستن و پشتگریکردنی تاکەکەسان لە بەرامبەر تووندوتیژی دەبێ لە ڕووی جێندەرەوە تووندوتیژی لە بەرامبەر هیچ کەسێك نەکات. بۆ ئەمەش بەرپرسیاریی نێگەتڤ دەوترێت.

---

[1] لەم گۆتارەدا وشەی پەنابەر تەنها بە یاساکانی لە تورکییایەوە سنووردار نیە و ئاماژە بە پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە گرێبەستی لەبارەی باری پەنابەران دەکات. وشەکە ئاماژە بەو کەسانە دەکات کە لەبەر نژاد، ئایین، ئەندامبوونی گرووپێکی کۆمەڵایەتی یاخود بیروبۆچوونی سیاسی ئەگەری هەیە کە تووشی چەوساندنەوە بن بۆیە لە دەرەوەی وڵاتی خۆی دەمێنن و سوود لە پاراستنی ئەو وڵاتە وەرناگرن یاخود لەبەر ئەم ترسە نایانەوێ سوود لەم پاراسرنە وەربگرن یاخود لەبەر ئەم هۆکارهانە لەو وڵاتە نامێنن کە پێشتر لێبوون یاخود ناتوانن بگەڕێنەوە یاخود لەبەر ئەم ترسە نایانەوێ بگەڕێنەوە.

لە کاتی جێبەجێکردنی ڕێبازەکانی یاسایی کە لە خوارەوە باس دەکرێن، لەبەر باری پەنابەری و مەیلی ڕەگەزی و ناسنامەی ڕەگەزی یاخود لەبەر هۆکارێکیتر ئەگەر داواکار تووشی هەڵاواردن بێت، کارمەندی گشتی بەرپرسیاریی خۆی جێبەجێ نەکات یاخود بە شێوەیەکی خراپ ئەرکی خۆی بەکار بهێنێت داواکار دەتوانێت لە بەرامبەر کارمەندەکە دەرفەتەکانی یاسایی بەکار بهێنێت.

گرێبەستی ئیستانبول

گرێبەستی ئیستانبول واتا گرێبەستی کۆنسەیی ئەوروپا لەبارەی تێکۆشان بۆ نەهشتنی توندوتیژی لە بەرامبەر ژنان و توندوتیژی لە ناو ماڵ کە تورکییا یەکەم واژۆکەری ئەم گرێبەستەیە گرنگترین سەرچاوەی یاساییە بۆ تێکۆشانی لە بەرامبەر توندوتیژیی جێندەری. ئەم گرێبەست لە بابەتی تێکۆشان لە بەرامبەر توندوتیژیدا نەخشەڕێیەکی گرنگ بۆ دەولەتان پێشکەش دەکات. لە خاڵی ٣١٤ی گرێبەستەکەدا لە نێوان هەموو گرێبەستەکانی ناونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤدا فراوانترین قەدەغەی هەڵاواردن جێدەگرێت. بە پێی ئەم خاڵە، بەرگرییەکانی بۆ مافەکانی قوربانیان بەبێ هەڵاواردنێکی مەیلی ڕەگەزی، ناسنامەی ڕەگەزی و کۆچبەری و پەنابەری دەکرێن.

لە خاڵی ٥٩ی ئەم گرێبەستە باسی مافی بە شێوەیەکی جیا لە هاوسەر و هاوبەشی خۆیان نشتەجێبوونی ئەو کەسانە دەکات کە بەزەبروزەنگ هاوسەرگرییان کردووە. لە خاڵی ٦٠ی گرێبەستەکە باسی ئەوە دەکات کە دەبێ توندوتیژیی جێندەری وەک هۆی پەنابەری قبوول بکرێت و دەبێ پرۆسەی پەنابەری بە پێی جێندەری بەڕێوەبدرێت. خاڵی ٦١ی گرێبەستەکە لەبارەی ڕێبازی نەگەڕاندەنەوەیە. بەڵامتورکییا بە بڕیاری سەرۆککامۆرەوە لە ڕێکەوتی ای تەممووزی ساڵی ٢٠٢١ واژۆی خۆی لەم گرەبەستە کێشاندووە کە تورکیا یەکەم واژۆکەریبوو. بەڵام ئەمە بەپرسییارییەکانی دەولەتەکە لەبارەی توندوتیژیی جێندەری لە ناو نابات. چونکە سەرچاوەی ئەم بەرپرسیارە تەنها گرێبەستی ئیستانبول نیە و زۆر سەرچاوەی وەکو دەستوور، یاسا و ڕێساکان و شرۆڤکەانی دادی هەن کە ئەستەمە واز لەمانە بهێنرێت.

نەهشتنی تووندوتیژی و پاراستن لە بەرامبەر تووندوتیژی

گرنگترین رەنگدانەوەی گرێبەستی ئیستانبول لە یاساکانی ناوخۆیی یاسای بە ژمارەی ٦٢٨٤ە کە لەبارەی پاراستنی ماڵبات و نەهشتنی تووندوتیژی لە بەرامبەر ژنانە.[2]. بە بەڵێی خاڵی یەکەم ئامانجی یاساکە پاراستنی ژن و منداڵ و ئەندامانی ماڵباتە کە تووشی تووندوتیژی دەبن یاخود مەترسی هەیە کە تووشی تووندوتیژی بن و لە لایەن کەسێکەوە بە شێوەیەکی بەردەوام و یەکلایەن شوێنپێیان هەڵدەگیرێت و بۆ نەهشتنی تووندوتیژی بەرگرییەکانی پێویست ڕێك دەخات. لەم خاڵەدا هەرچەند ڕاستەوخۆ باسی LGBTİ+ نەکرێت دەستەواژەی < لە لایەن کەسێکەوە بە شێوەیەکی بەردەوام و یەکلایەن شوێنپێیان هەڵدەگیرێت> وا هەڵبسەنگێنرێت کە ئەم گرووپە بە خۆوە بگرێت.

لە یاساکەدا تووندوتیژی ناو ماڵ وەکو تووندوتیژیی لە نێوان قوربانی و بکەر لە ناو ماڵبات، خانوو یاخود ئەندامانی ماڵبات پێناسە دەکرێت. ئەم تووندوتیژییە کە لێرە باس دەکرێت لەوانەیە تووندوتیژیی فیزیکی، ئابووری، ڕەگزی یاخود دەروونی بێت. لە ڕێنوێنی جێبەجێکردنی یاسادا شوێنپێگرتنی کەسێك بە شێوەیەکی بەردەوام و یەکلایەن وا پێناسە دەکرێت کە بکەری تووندوتیژی بە شێوەیەکی دەمیی، نووسین یاخود بەکارهێنانی هەر جۆری ئاموری ڕاگەیاندن بە هەر جۆری ڕەفتار قوربانیی تووندوتیژی لە ژێر گۆشاردە دەهێلێت کە ئەمە دەبێتە هۆی ڕوودانی هەستی ترس و ناچاریی فیزیکی و دەروونی لە قوربانیدا و گرنگ نیە لە نێوان بکەر و قوربانیدا پەیوەندییەکی ماڵباتی هەبێت.

لە یاسادا باسی بەرگرییەکانی بۆ پاراستن و نەهشتنی تووندوتیژی دەکرێت کە لە لایەن کاربەدەستان یاخود دادوەران دەتوانرێن ڕێك بخرێن. بڕیارەکانی بۆ بەرگریکردن بە شێوەیەکی خۆرایی دەتوانرێت لە نزیکترین دادگای ماڵبات، کاربەدەستی هکومەت یاخود یەکەکانی ئاساییش (پۆلیس، جەندەرما و هتد.) داوا بکرێت. دەبێ باسی ئەمەش بکرێت کە لە یاساکەدا بۆ وەرگرتنی بڕیارەکانی لە خوارەوە پێشکەشکردنی بەڵگەکان مەرج نابینێت.

بە پێی مەرجەکانی تووندوتیژی و مەترسیی تووندوتیژی لەوانەیە بڕیاری یەك یاخود چەند بەرگری پێکەوە وەربگیرێت. کاربەدەستی هکومەتی پارێزگاری پارێزگا یاخود قایمەقامی قەزایە. دادوەر کە لە یاسادا باس دەکرێت دادوەری ماڵباتە.

---

[2] https://www.mevzuat.gov.tr/MevzuatMetin/1.5.6284.pdf

- ·بڕیارەکانی بۆ بەرگرییەکانی پاراستن لە لایەن کاربەدەستانی هکومتییەوە دەتوانرێن وەربگیرێن:

١- دابینکردنی پەناگە بۆ قوربانی و منداڵەکانی،
٢- دابینکردنی یارمەتیی کاتی،
٣- پێشکەشکردنی خزمەتی ڕێبەری و ڕاوێژکاری لە ڕووی دەروونی، پیشەیی، یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە،
٤- ئەگەر مەترسیی ژیانی هەبێت پاراستنی کاتی،
٥- ئەگەر پێویست بێت و منداڵی قوربانی هەبێت بۆ پشتگریکردنی بەشداربوونی ژیانی کارکردن بۆ ماوەی چوار مانگ و ئەگەر قوربانی خاوەن کار بێت بۆ ماوەی دوو مانگ بۆ منداڵانی تەمەن شانزدە یاخود گەورەتر پێدانی هەتا بە بڕی نیوەی مووچەی فەرمیی هەرە کەم و ئەگەر بەڵگەکانی پێویست پێشکەش بکرێت لە بودجەی وەزارەتەوە دابینکردنی دەرفەتی نارندی منداڵ بۆ باخچەی منداڵان.

لە کاتی بەپەلەدا بەرگرییەکانی لە خاڵەکانی ١ و ٤ دەتوانرێت لە لایەن کاربەدەستی ئاساییشەوە بدرێت.

- ·بڕیارەکانی بۆ بەرگرییەکانی پاراستن لە لایەن دادوەرەوە دەتوانرێن وەربگیرێن:

١- گۆڕینی شوێنکاری قوربانی،
٢- ئەگەر هاوسەردار بێت دەستنیشانکردنی شوێنێکیتری نشتەجێبوون لە دەرەوەی ئەو شوێنەی کە لەگەڵ هاوسەری خۆی نشتەجێیە،
٣- بە پێی مەرجەکانی لە یاسای مەدەنیی تورك بە ژمارەی ٤٧٢١ بە داخوازی قوربانی دانینی لێکدانەوە لەسەر تاپۆی خانووی مالّبات،
٤- ئەگەر مەترسیی ژیانی قوربانی هەبێت و هەست بەوە بکرێت کە بەرگرییەکانی بۆ نەهشتنی مەترسی کەم
بێت لەسەر ڕەزامەندیی کەسی پەیوەندیدار بە پێی یاسای پاراستنی گەواهی بە ژمارەی ٥٧٢٦ گۆڕینی ناسنامەی فەرمی و بەڵگە و زانیارییەکانی پەیوەندیدار.

- ·بڕیارەکانی نەهشتنی توندوتیژی لە لایەن دادوەرەوە دەتوانرێن وەربگیرێن:

١- نەهشتنی وتن و ڕەفتاری پر لە هەڕەشەی توندوتیژیی و سووکایەتیپێکردن، بێڕێزی یاخود گاڵتەپێکردن بەردەوام لە بەرامبەر قوربانیی توندوتیژی،
٢- دوورخستنی بکەر لە خانووی هاوبەش یاخود خانووی کە لێ نشتەجێیە و دابینکردنی خانووی هاوبەش بۆ قوربانی،
٣- نەهشتنی نزیکبوونی بکەر بۆ قوربانییەکان، خانوو، قوتابخانە و شوێنکاریان،

ت- ئەگەر پێشتر بڕیارێك لەبارەی پەیوەندیی کەسی بۆ منداڵان درابێت ڕێکخستنی پەیوەندیی کەسی لە ژێر چاودێریی ئاوارْ، سنووردارکردنی پەیوەندیی کەسی یاخود بە تەواوی نەهشتنی پەیوەندیی کەسی،
٤- ئەگەر پێویست ببینرێت هەرچەند تووشی تووندوتیژیش نەبێت نەهشتنی نزیکبوونی بکەر بۆ کوسوکار و گەواهی و منداڵانی خۆی،
٥- نەهشتنی زیان گەیاندن بۆ شتومەك کەسی و خانووی قوربانی،
٦- نەهشتنی ماندووکردنی قوربانی بە ڕێگەی ئامورەکانی ڕاگەیاندن و بە شێوەیەکیتر،
٧- تەسلیمکردنی چەکی خۆی بە ئاساییش،
٨- ئەگەر کارمەندێکی فەرمی بێت و دەبێ چەکی هەبێت دەبێ چەکی خۆی بدات بە فەرمانگەی خۆی،
٩- لەو شوێنانەی کە قوربانییەکان دەمێنن دەبێ ئالکۆهۆل، دەرمانی هۆشبەر و وریاکەرەوە بەکار نەهێنێت یاخود کاتێك لەژێر کاریگەریی ئەمامە دەبێت، دەبێ نزیك نەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەپارێزرێن و لێ دەمێنن و ئەگەر ئالۆدە بێت پشکنین و چارەسەر بۆ بکرێت،
١٠- بۆ پشکنین و چارەسەری سەردانی فەرمانگەیەکی تەندروستی بکات و چارەسەری بۆ بکرێت.

لە کاتی بەپەلەدا بەرگرییەکانی لە خاڵەکانی ٢، ٣، ١ و ٤ دەتوانرێت لە لایەن کاربەدەستی ئاساییشەوە بدرێت.

ئەگەر پێویست بووبێ تووندوتیژی یاخود مەترسیی تووندوتیژی هەبێت هەرکەسێك دەتوانێت ئەم دۆخە بە فەرمانگاکانی فەرمی ڕابگەیەنێت. کارمەندانی گشتی کە ئەم ڕاگەیاندنانە وەردەگرن بەرپرسیارن کە دەستبەجێ ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن و لە بارەی بەرگرییەکانی پێویست کاربەدەستەکان ئاگادار بکەن.

بڕیارەکانی بەرگری بە شێوەیەکی کاتی هەرە زیاتر بۆ ٦ مانگ دەدرێن. ئەگەر پێویستی بە بەرگرییەکان بەردەوام بێت، بەر لەوەی کە ئەم ماوەیە کۆتایی پێ بێت دەتوانرێت داوا بۆ درێژەپێدانی بڕیاری بەرگری لە دادگای ماڵبات بکرێت.

ئەگەر بکەر بڕیاری بەرگری پێشل بکات، قوربانی بۆی هەیە کە سەردانی دادگای ماڵبات بکات بۆ داواکاریی ڕاگرتنی دیسپلینیی بکەر. بڕیاری ڕاگرتنی دیسپلینی لە نێوان ٣ و ١٠ ڕۆژدایە. ئەگەر پێشلکاری بەردەوام بێت ئەم داواکاریی دەتوانرێت دووبارە بکرێت.

سزاکردنی بکەری توندوتیژی

کام چالاکی تاوانە و سزاکەی چییە لە لایەن یاساکانەوە دەستنیشان دەکرێت. لەم بابەتەدا گرنگترین یاسا کە دەبێ لێکۆڵینەوە بکرێت یاسای سزای تورکی بە ژمارەی ٥٢٧١ە. ئامانجی ئەم گۆتارە لە چوارچێوەیەکی گشتیدا ئاگادارکردنی کەسانی خاوەن مافە و بۆ ئەوەی کە بزانرێت کە چی تاوانە و لە بەرامبەر تاوان نەخشەڕێیەکی چۆن دەبێ دابنرێت دەبێ یارمەتی لە پسپۆرێك وەربگیرێت.

یاسای سزای تورك (TCK) بۆ ئەو چالاکییانە جێبەجێ دەکرێت کە لە تورکیا رووبان داوە یاخود بە ئەنجام گەیووشتنە. لەم یاسایەدا بە شێوەیەکی گشتی ئەم چالاکییانە وەك تاوان قبوول دەکرێن: کوشتن، بریندارکردن، ئاراستەکردن بۆ خۆکوژی، سووکایەتیپێکردن، هەڕەشە، تێکدانی ئارامی، ئاستەنگکردنی ئازادیی کارکردن، تاوانەکانی لە بەرامبەر پارێزبەندیی ڕەگەزی، چەوساندنەوە، ڕەفتاری خراپ، پێشلکردنی بەرپرسیاریی مالّباتی، بێبەشکردنی مرۆڤ لە ئازای، پێشلکردنی پارێزبەندیی شوێنی نشتەجێبوون، پێشلکردنی نهێنییەکانی ژیانی تایبەت، دزی، سەختەکاری هتد.

کاتێك مرۆڤ تووشی توندوتیژی دەبێت دەتوانێت لە نزیکترین بنکەی ئاساییش یاخود دادپرس بە شێوەیەکی خۆرایی سکالا تۆمار بکات. سکالا دەتوانرێت بە شێوەیەکی نووسراو یاخود بە دەمیی لە لایەن کارمەندانەوە تۆمار بکرێت. دەبێ لە کاتی سکالاکردن باسی چالاکیی توندوتیژی و وردەکارییەکانی، زانیارییەکانی لەبارەی بکرە، شوێن و کاتی ڕاداو دیار بکرێن. لە کاتی سکالاکردن پێشکەشکردنی بەڵگەکانی وەکو ڕاپۆرتی تەندروستی کە ئەنجامەکانی توندوتیژی نیشان دەدات، پەیامەکان، وێنە یاخود ڤیدیۆ، زانیارییەکانی ناسنامە و پەیوەندیی شایەتەکان بۆ دادکردن و سزاکردنی بکەر گرنگە.

بیانییەکان و یاسای پاراستنی ناونەتەوەیی

لە یاساکەدا باسی <کەسانی خاوەن پێویستیی تایبەت> دەکرێت کە قوربانییەکانی توندتیژیی دەروونی و فیزیکی یاخود ڕەگەزی لە ناو ئەو کەسانەدەن. لە خاڵی ٦٤ی یاساکەدا باسی ئەو دەکرێت کە لە ماف و مامەڵەکاندا پێشتریەتی بۆ کەسانی خاوەن پێویستیی تایبەت پێشکەش دەکرێت و بۆ چاککردنەوەی زیانی لەبەر توندوتیژی دەرفەتی پێویست دابین دەکرێت. لە خاڵی d/55ی یاساکەدا دیار دەکرێت کە قوربانییەکانی توندوتیژیی دەروونی، فیزیکی و ڕەگەزی هەتا ئەو کاتەی کە چارەسەرییەکانی تەواو دەکرێت ناتوانرێن دەرسنوور بکرێن.

قەرەبۆکردنی زیانەکان

لەبەر چالاکییەکانی پر لە توندوتیژی ئەگەر زیانێکی ماددی و مەعنەوی گەیشتبێت قوربانی بۆی هەیە کە لە بەرامبەر بکەر لە دادگای تێهەڵونەوە داوای قەرەبۆکردنی ماددی و مەعنەوی تۆمار بکات. لە ئەنجامی ئەم داوایە ئەگەر بکەر تاوانبار ببینرێت و سزاش بکرێت ئەمە زیانەکانی قوربانی قەرەبۆ ناکات. بۆ ئەوەی کە زیانەکانی قوربانی قەرەبۆ بکرێت دەبێ قوربانی داوایەکی تایبەت تۆمار بکات. کاتێك لە دادگا داوا تۆمار دەکرێت دەبێ لە داخوازنامەدا دەبێ رووداوەکان بە پێی ڕێزبەندەکانیان باس بکرێن و بەڵگەکانی لەبارەی رووداوەکان هاوپێچی داخوازنامە بکرێن. لە دوای لێکۆڵینەوەی دادی کە لەبەر داواکاری\سکالاکردن دەست پێدەکات داوا تۆماریش نەکرێت واتا بکەر تاوانبار نەشبینرێت، ئەگەر مەرجەکان گونجاو بن لە ئەنجامی داوای لە دادگای تێهەڵچوونەوە مافی وەرگرتنی قەرەبۆ هەیە.

کاتێك ئەم داوایە تۆمار دەکرێت بە شێوەیەکی پێشین مەسرەفی هەندێك دادکردنانە دەبێ بدرێت. بەڵام ئەو کەسانەی کە ناتوانن ئەم پارەیە بدەن دەتوانن بە <داخوازی یارمەتیی دادی>یەوە ئەم داوایە تۆمار بکەن. بەم شێوەیە، ئەگەر دادگا ئەم داواکارییە قبوول بکات بێ ئەوەی کە قوربانی پارەیەك بدات داوا تۆمار دەکرێت. ذەبێ ئەم داخوازە لە داخوازنامەکەدا دیار بکرێت و بەڵگەکانی نەبوونی دەرفەتی ئابووری لەگەڵ داخوازنامە هاوپێچ بکرێن. (بۆ نموونەم بێکاری، بەڵگەکانی بیمەیی کە نەبوونی داهاتێکی بەردەوام یاخود نەبوونی داهاتێکی پێویست نیشان دەدەن)

لە کاتی تۆمارکردنی داوا سوودوەرگرتن لە یارمەتیی پارێزەر بۆ نەهشتنی زیانی مافی خاوەن ماف و بۆ پاراستنی مافەکانی خۆی زۆر سوودەوارە. ئەو کەسانەی کە دەتوانن حەقدەستی پارێزەر بدەن دەتوانن لەگەڵ پارێزەرێك کار بکەن. ئەوانەی کە ناتوانن تێچوونی پارێزەری بدەن دەتوانن سەردانی سەندیکای پارێزەرانی ئەو پارێزگایە بکەن بۆ ئەرکدارکردنی پارێزەرێك.

سوودوەرگرتن لە یارمەتیی وەرگێڕ

لە کاتی ڕاگەیاندنی تاوانبارییەك. سکالاکردن و داواکاری بۆ بڕیاری بەرگری بە پێی خاڵی ٢٠٢ی یاسای دادگاکردنی سزا بە ژمارەی ٥٢٧١ <ئەوانەی کە بە زمانی تورکی کێشەی خۆیان دەربڕن> بە شێوەیەکی خۆرایی سوود لە یارمەتیی وەرگێڕ هەربگرن.

لە داوای مادی و مەعنەویشدا لە کاتی دانشتنەکانی دادگاییدا ئەوانەی کە زمانی تورکی نازانن بە پێی خاڵی ٢٦٣ی یاسای دادگاییکردنەکانی یاسایی بە ژمارەی ٦١٠٠ سوود لە یارمەتیی وەرگێڕ وەردەگرن.

تێبینیی گرنگ: مافەکان و پرۆسەکانی یاسایی کە لەم گۆتارەدا باس دەکرێن لە چوارچەوەی یاساکاندا کورکردنەوەیەکە. بە پێی هەر رووداوێك لەوانەیە پێوسیتی بە هەندێك وردەکاری و مەرجەکانی یاسایی هەبن کە لێرە باس نەکراون. لەبەر ئەمەش سوودگرتن لە پشتگریی پارێزەرێك زۆر گرنگە. ئەونای کە ناتوانن تێچوونی پشتگریی پسپۆری بدەن دەتوانن بۆ ڕاوێژکاری داوا لە سەندیکاکانی پارێزەران و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بکەن.

بو زانیاري
info@unikuir.org

بۆ راوێژکاری له ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و یاساییەوە
danisma@unikuir.org

http://unikuir.org

https://twitter.com/unikuir
https://www.instagram.com/unikuir/
https://www.facebook.com/unikuir/